www.kurdistannet.org
15-2-2007 22:09 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ناکرێ فەلەستینی بێنە کوردستان و عەرەبی تەعریبیش بڕۆنەوە. ! ... موحسین جوامێر

دەنگوباسی هاتنی کوتوپڕی شاندی فەلەستین بە سەرۆکایەتیی نوێنەری سەرۆکی دەسەڵاتی ئەوێ جبریل ڕجوب بۆ کوردستان، بووە بابەتی قسە و باسی ناو کوردان، هاوڕێ لەگەڵ تووڕەبوون و بێزاربیەکی توندا. . ئەوەش لە کاتێکدایە خەڵکی هێشتا لە ڕەخنە و سەرکۆنەکردنیان بەرانبەر بە قبووڵکردنی ئێراقییە تازەهاتووەکان بۆ کوردستان، سارد نەبوونەتەوە، بە تایبەتیش چونکە بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی بێئیشی لەنێو هاووڵاتیاندا، بگرە سەرهەڵگرتن و وڵات بەجێهێشتنیش.

تا ئێستە بە تەواوی نەزانراوە ئامانج لە هاتنی شاندەکە بۆ بەغدا و سەردانیان بۆ لای مام جەلال و پاشان بۆ لای کاک مەسعوود، چی بوو. . هەروەها نەزانرا نهێنیی لێدوانەکەی مامە کە کوردستان ئامادەیە بۆ پێشوازیی فەلەستینییەکان، لە چ ڕوانگەیەکەوە سەرچاوەی گرتبوو. . ! ئەوەی نیگەرانییی خەڵکەکەی زێتر کرد یان زێتر دەکا ئەوەیە

تروسکەی هیوای گەڕانەوەی فەلەستینییان بۆ سەر زێد و واری بابانیان ئەگەر مەحاڵ نەبێت، بەداخەوە زۆر زۆر کزە. . کە ئەمەش تەعریبێکی دیکەی لێ دەکەوێتەوە، هەروەک هەنگاوەکەی ـ بەناوی برایەتی ـ لەسەردەمی شێخ مەحموودا نرا، ئەویش بە قبووڵکردنی عەرەبی حەویجە، کە ئەمڕۆ بوونەتە کارتێک بە دەست ناحەزانی کوردەوە و خەریکە ڕۆژانە شەقەکانیان دەخۆین.

خوا نەکا ئەو دەنگۆیەی زیتر لە 10 ساڵە کەوتووەتەوە، ڕاست دەربچێت. . چونکە ماقووڵ نیە عەرەبی هاوردە بۆ کەرکووک بڕۆنەوە، کەچی فەلەستینییەکان بێن و بمێننەوە و بانێک و دوو هەوا دووبارە بێتەوە. . خۆ ئەگەر نزیکایەتی بێت، ئەوا عەرەبی ئێراق هاوسنوور و نزیکترن، ئەگەرچی هاتنی هەر لایەنێک ئاسەواری نەرێنی و ترسناک لە سەر ڕەوشی کوردستان جێدەهێڵێت، چ لەمەودایەکی نزیک یاخود دووردا.

ئاماژەکەی سەرۆکی کوردستان بە بەرپەرچدانەوەی خەبەری هاتنی فەلەستینییەکان بۆ ئێرە و بە ناڕاست لەقەڵەمدانی، دڵخۆشکەرەوە بوو، وەلێ لەبەر ئەوەی کوردان یادێکی تاڵیان لەگەڵ تەعریبدا هەیە، ئەترەش و زراویان لە خەبەر و دەنگۆی ئاوەها دەچێت. . بۆیە پتر پێویستیان بە دڵنیایی و هێورکردنەوەی بەڵگەدار هەیە. . ئەگەر نا، خودی سەردانەکە لایەنی بەکەڵکی بۆ کورد تیدایە و پەسندیشە.

mohsinjwamir@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.